**چۆنیەتی پێشکەش کردن بۆ خوێندنی باڵا (هەر جۆرێکی بڕوانامە ) :**

١. فۆرمی لاری نەبوون لە ماڵپەری فەرمانگەکەمانە ( www.dohhawler.org ) رایدەکێشیت .

٢. فۆرمی لاری نەبوون لە شوێنی کارکردنی پڕدەکرێتەوە وە بەرێوەبەری دەزگا تەندروستیەکە واژووی دەکات وەمۆری تایبەتی لێ دەدات.

٣. پاشان فۆرمەکە لە شوێنی کارکردنی ( دەرچوو- الصادر ) دەکرێت.

٤. پاشان لە ف.ت. هەولیر ( هاتوو – الوارد ) دەکرێت.

٥. یاداشتنامەی داواکاری بۆ ئامادەکردنی پوختەی راژە لە ماڵپەری بەرێوەبەرایەتیمان (**www.dohhawler.org** ) رایدەکێشیت ، پڕی دەکەیتەوە.

٦. یاداشتنامەی داواکاری پوختەی راژە دەبێت لەلایەن هۆبەی خوێندنی بالاْ واژوو بکرێت .

٧. پاشان دەبرێت بۆ هۆبەی فەرمانبەران / بەشی کارگێری بۆ ئامادەکردنی پوختەی راژە .

٨. پاشان ( فۆرمی لاری نەبوون + پوختەی راژە ) بۆ هۆبەی خۆیندنی باڵا لە بەشی پلان پیشکەش دەکرێت.

**چۆنیەتی داواکردنی مۆڵەتی خوێندن:**

١. پاش وەرگیران لە خوێندنی بالاْ بەفەرمانی کارگێری ئەو شوێنەی کە داواکار لێی وەرگیراوە , دەبێت داواکار نووسراوی شوێنی وەرگیرانی پێبێت .

٢. لە شوێنی کارکردنیدا داوا پێشکەش دەکات بۆبەڕێوەبەری دەزگا تەندروستیەکە بۆ مۆڵەتی خوێندن.

٣. پاشان لە شوێنی کارکردنی نووسراوی داواکردنی مۆلەتی خوێندنی بۆ بەرزدەکریتەوە بۆ (ف.ت. هەولێر) وەدەبێت ( الصادر-دەرچوو)ی کرابێت.

٤. داوای موڵەتی خوێندن,نوسراوی داواکاری موڵەتی خوێندن لە شوێنی کارکردنی و فەرمانی کارگێری وەرگیرانی دەهێنێتە ف.ت. هەولێر وە ( الواردە – هاتوو ) دەکات , پاشان نووسراوی بۆ دەکرێت بۆ وەزارەت لە لایەن بەشی کارگێری / هۆبەی فەرمانبەران .

٥. دوای دەرچوونی فەرمانی وەزاری بە پێدانی موڵەتی خوێندن ، لە ف.ت.هەولێر لە لایەن بەشی کارگێری /هۆبەی فەرمانبەران فەرمانی کارگێری پێ دەردەچێت ، وەدەست لە کار هەڵدەگرێت لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر بۆ ئەوەی دەست بەکاربێت لە شوێنی

خوێندنەکەی پاش پێشکەشکردنی ( كفالة ضامنة ) بە بڕی ( ٣٠٠٠٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار بۆ هەر ساڵێك خوێندن وە بەڵێنی دەست نووس بۆ گەڕانەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر پاش تەواو بوونی خوێندنەکەی لە لایەن بەشی یاسایی فەرمانگە ).

## چۆنیەتی دەست بە کاربوون پاش وەرگێران لە خوێندنی باڵا :-

١. پاش وەرگرتنی هەر قوتابیەك لە خوێندنی باڵا (بۆردی عیراقی , بۆردی کوردستانی ) دەبێت پزیشك دەست بە کار بێت لە سەنتەری مەشق کردنی تایبەت بەو خوێندنە، پاشان هەردوو نوسراوی فەرمانی وەرگرتن وە دەست بە کاربوون لە سەنتەری مەشق کردن دەهێنێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر بە مەبەستی دەرهێنانی فەرمانی تەنسیب کردن بۆ نەخۆشخانەی پەیوەست بەو خوێندنە لە بەشی کارگێری / هۆبەی فەرمانبەران , پاشان دەست بەکار دەبێت لەو نەخۆشخانەیە .

٢. قوتابیانی وەرگیراو لە زانکۆی هەولێری پزیشکی ( دبلۆمی باڵا, ماستەر , دکتۆرا ) , پاش دەست بەکاربوونیان لە زانکۆی ناوبراو فەرمانی تەنسیبیان دەهێنن بۆ فەرمانگەی تەندروستی هەولێر بەشی کارگێری / هۆبەی فەرمانبەران , بە مەبەستی دەرهێنانی فەرمانی تەنسیب کردن بۆ نەخۆشخانەی پەیوەست بەو خوێندنە لە بەشی کارگێری / هۆبەی فەرمانبەران , پاشان دەست بەکار دەبێت لەو نەخۆشخانەیە .

** تێبینی : فەرمانی تەنسیب کردن لە زانکوی هەولێری پزیشکی یان سەنتەری مەشق کردن دەبێت لاری نەبوونی هۆبەی خوێندنی باڵای بەشی پلانی لە سەر بێت پێش دەرهێنانی فەرمانی کارگێری ..

## چۆنیەتی داواکردنی درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن بۆ قوتابیان :-

١. دەبێت لە شوێنی خوێندنی داواکار واتا لە سەنتەری خوێندن پشتگیری هەبێت کە ماوەی خوێندنی بۆ درێژ بکرێتەوە.

٢. پاشان داواکار پێش تەواوبوونی مۆڵەت به چەند ڕۆژێك داوا پێشکەش دەکات بۆ ف.ت. هەولێر وە پشتگیری یان فەرمانی کارگێری شوێنی خوێندنی بۆ درێژکردنەوە مۆڵەت هاوپێچ دەکریت.

٣. پاشان لە بەشی کارگێری / هۆبەی فەرمانبەران لە ف.ت.هەولێر , نووسراوی بۆ دەکرێت بۆ وەزارەت.

٤. پاش فەرمانی وەزاری بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن ، فەرمانی کارگێری لە ف.ت. هەولێر لە بەشی کارگێری / هۆبەی فەرمانبەران دەردەچێت بۆ درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن

## چۆنیەتی دەست بەکار بوون لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر دوای کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتی خوێندن :-

١. داوا پێشکەش دەکەی بۆ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر, بۆ پچڕانی مۆڵەتی خوێندن و دەست بەکاربوون لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر, ئەگەر هاتوو بڕوانامەی بەدەست هێنابوو پێش تەواو بوونی مۆڵەتەکەی .

٢. پاشان لە لایەن بەشی کارگێری / هۆبەی فەرمانبەران بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەت تاوەکوفەرمانی وەزاری دەربچێت بۆ پچڕانی مۆڵەت و دەست بەکاربوونی .

٣. پاشان فەرمانی وەزاری دەبرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر لەبەشی کارگێری /هۆبەی فەرمانبەران ، فەرمانی کارگێری بۆدەردەچێت لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر بۆ دەست بەکاربوونی وە دەست نیشان کردنی شوێنی کارکردنی لەلایەن بەشی پلان .

٤. ئەگەر بڕوانامەی خوێندنی باڵای بە دەست هێنابوو ،لەگەل خاڵی یەکەم داواکار دەتوانێت لەهەمان داواکاری بۆ دەست بەکاربوون داوای گۆڕینی ناونیشانی بکات بۆ پزیشکی هەڵگری بڕوانامەی پسپۆڕی لەو ناونیشانەی کە هەیبوو پێش خوێندنی باڵا بۆ ناونیشانی پاش خوێندنی باڵا بەپێ ی بڕوانامەی خوێندنی باڵا .

٥. قوتابیانی دەرنەچوو لەتاقیکردنەوەکانی قۆناغی کۆتایی (جگە لە زانکۆی هەولێری پزیشکی) وە نەمانی هەلی یاسایی بۆ مۆڵەتی خوێندن ئەوا دەست بەکاردەبەن وەکو پزیشکی شارەزای گشتی لە بنکە تەندروستیەکان وە وەکو قوتابی دەرەکی بەشدار دەبێت لە تاقیکردنەوەکانی داهاتوو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا.

٦. قوتابیانی دەرنەچوو لە تاقیکردنەوەکانی قوناغی یەکەم لە زانکۆی هەولێری پزیشکی ،ئەوا دوای پچڕانی مۆڵەتی خویندن دەست بەکاردەبێت بەناوونیشانی پزیشکی نیشتەجێ ی دێرینی لەو نەخۆشخانەیەی کە مەشقیان لی دەکرد وەکو قوتابی خوێندنی باڵا , بەڵام قوتابیانی پزیشکی

خێزانی و تەندروستی کۆمەڵ دەست بە کار دەبن لە بەشی پلان تاکو بە دەست هێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا .

**چۆنیەتی گواستنەوە لە سەنتەرێکی ڕاهێنان بۆ سەنتەرێکی تر :-**

بۆگواستنەوە لە سەنتەرێکی ڕاهێنان لە خوێندنی باڵا بۆ سەنتەرێکی تر , دەبێت پزیشک لاری نەبوونی هەردوو لایەن بە دەست بهێنێت پاشان نوسراوێکی داواکاری بەرز دەکاتەوە بۆ هەمان مەبەست بۆ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر لە گەڵ هاوپێچ کردنی لاری نەبوونی هەردوو لا , پاشان لە بە شی پلان / هۆبەی خوێندنی باڵا نوسراوی بۆ بەرز دەکرێتەوە سەنتەری خوێندنی سەرەکی .